# ڕاپۆرتی به شی دووه می دادگایی تاوانبار فرانس فان ئانرات له لاهای هۆله ندا

به شی یه که می دادگایی تاوانبار فرانس فان ئانرات که به تاوانی جینۆسایدو کۆمه ڵکوژی خه ڵکی کوردستان, که له ٢٠٠٤\١٢\٧ ه وه له وڵاتی هۆڵه ند گیراوه له ٢٠٠٥\٣\١٨ له شاری ڕۆته ردام به ڕێوه چوو ، به شی دووه می دادگا دۆێنێ ڕۆژی ٢٠٠٥\٦\١٠ له کاتژمێری ١٠ی به یانیه وه ده ستی پێکرد ، ناوه ندی هه ڵه بجه له هۆڵه ندا به دێژایی ٢ هه فته له گه ڵ شاره وانی دینهاخدا له کێشه و باسدابوو بۆ داوای مۆڵه تی خۆپیشاندان، که دواجاربه ژماره ره یه ک مه رجه وه مۆڵه ته که یان قه بووڵ کرد ، به دێژایی دانیشتنی یه که م و تا دانیشتنی ڕۆژی دۆێنێ چ- ناوه ندی هەڵەبجە- له هۆڵه ندا و هه روه ها- کۆمیته ی به دادگایی تاوانبارانی جینۆسایدی خه ڵکی کوردستان له هۆڵه ندا و هه روه ها پارتی سۆسیالیستی هۆڵه ندی زۆرکاریان که وتبۆه سه رشان له چه شنی دابینکردنی بودجه ی دادگاییه که و پارێزه ر ،ئاماده کردنی زیاتری دۆسیه کانی قوربانیه کان و شایه ده کان، ڕێکخستنی زۆر چاوپێکه وتن و گفتوگۆ له گه ڵ ناوه نده کانی ڕاگه یاندن ، چه ندین په یوه ندی دیپلۆماسی له گه ڵ ناوه ندو خه ڵکی جیایادا ، ڕاگرتن و درێژه دان به که مپه ینی سیاسی وفشار به هاوکاری پارتی سۆسیالیستی هۆڵه ندی له په رله ماندی هۆڵه ندی و ناوه ندی سیاسی هۆڵه ندادا ،ڕاگرتن و وه ڵام دانه وه به پرس و په یوه ندیه کانی وه زاره تی دادای هۆڵه نداو ئاگادارکردنه وه ی ناوه ندو که ناڵه په یوند داره کان وه ک هێزه کودستانیه کان و ناوه ندو ڕێکخراوه کان له م پرس و داوایانه .

به شی دووه می دادگایی تاوانبار له شاری دینهاخ که به لاهای ناسراوه ڕۆژی ٢٠٠٦\٦\١٠ هه ر له کاتژمێری ٣٠:٨ خوله که وه به ئاماده بوونی خه ڵک و خۆپیشاندان وچه ندین لافیته ی وه ک-نا بۆ جینۆساید ، نا بۆ هه ڵه بجه- ،سه ربه خۆیی کوردستان زامنی وه ستاندو و دووباره نه بوونه وه ی جینۆسایدی خه لکی کۆردستانه-وه هه روه ها وێنه ی قوربانیه کانی کیماباران و که سو کاری قوربانیه

کان له به رده م دادگادا ده ستی پێکرد که هاوکات بوو له گه ڵ ئاماده بوونی که ناڵه کانی ڕاگه یاندن و بوونه هه واڵی سه ره کی لاپه ڕه و شاشه کانی میدیا جۆراو جۆره کان .

دادگا له دوو ساڵۆنی کۆنترۆڵ کراودا به ڕێوه چوو، سه ره تا به کردنه وه ی دۆزه که له لایه ن دادوه ره وه بوو که تیایدا باسی ئه وه شی کرد که تاوانبار ئاماده نه بووه به ڵام دوو پارێزه ره که ی به رپسی ته واویان له تاوانباره وه وه رگرتبوو، دواتر ئۆفیسێری وه زاره تی داد ئه نجامی سه ردانه کانی بۆ شاری سه رده شتی کوردستان و دێهاته کانی ده ورووبه ری کرد که له وێ چاویان به ژما ره یه کی زۆر قور بانی که وتووه و له گه ڵیاندا باس کراوه و دۆسیه یان بۆ کراوه ته وه ، هه روه ها باسی هه ندێ قوربانی تریش له ناوچه کانی خوره م شه هر کرد له
سه ردانا‌ه که یاندا بۆ ئێران، دواتر باسی سه ردانی خۆیان بۆ وڵاتی یا بان کرد له گه ڵ که سانی به رپسی کۆمپانیای -چالس ته نه که- دا کرد که ئه م کۆمپانیاییه له سه ره تاوه سه رچاوه یه کی گرنگی بازرگانیه کانی چه که کیمیایه کان بووه بۆ تاوانبار که به عێراقی فرۆشتووه، دواتر باسی سه ردانی ئه مریکاو سنگاپوور و سویسرای کرد که له وێش له گه ڵ زۆر که سی په یوه ندیدارو خاوه ن کۆمپانیاو بازرگان کردووه که له چوارچێوه ی بازرگانی و په یوه ندیه کانی تاوانبار بووه دواتر باسی سه ردانی ئوردن کرا که له وێ چاویان به به ر پرسێکی چه که کانی ڕژێمی به عس که وتووه که دۆستێکی نزیکی تاوانباره

به رپرسی وه زاره تی داد فرێد تێفینس که خۆی سه ر په رشتی هه موو دۆزه که ده کات و له سه ردانه کانیشدا ئاماده ببوو لای وابوو که تاوانبار ته نها بازرگانی ئه م چه کانه بووه و به رپرسه له کوشت و برِی خه ڵکی کوردستان ، وه هه روه ها زۆر له ژێر کاریگه ری قوربانیه کانی سه رده شت دابوو به تایبه تیش قسه ی یه کێک له شایه ده کان که وتبووی کچه که م دوای کیمیا باران له دایک بوو من به کیمیابارانه که چاووم له ده ست دا کچه که م ئێستا گه وره بووه و من قه ت ئه ووم به چاوی خۆم نه دیووه !

له به شێکی تری دادگاکه دا پارێزه ره کانی تاوانبار باسیان کرد وه داوای چاوپێکه وتنیان له گه ڵ ژماره یه کی یه کجار زۆری لایه ن و که سدا داوا ده کرد، که سه رۆکی دادگا ئه مه ی به واقعی نه زانی وه دواتر له سه ر ئه وه ساغبوونه به که له گه ڵ ژماره که سدا هاوته ریب به لێکوڵینه وه کیه ی وه زاره تی داد چوپێکه وتن بکه ن .

ڵه به شێکی تردا وه زاره ت باسی نه خشه ی دا ها تووی کرد که له وانه ش سه ردانی کوردستانی عێراقی تێدابوو ،که له دا هاتوودا له گه ڵ هه ندێک له قوربانیه کان و که سایه تیه کاندا که کیمیابارانیان دیوه گفتووگۆ ئه نجام بده ن ، دواتر پارێزه ری تاوانبار داوای ئازادکردنی کرد که دادگا ئه م داوایه ی ڕه تکرده وه تاوانبار له زیندانداا ده بێت چاوه ڕوانی دۆزه که ی بکات ، دواتر داداگا بڕیاری له سه ر دانیشتنی سێیه م دا ڵه ڕۆژی ٢٠٠٥\٩\١٢ له شاری دینهاخ وه به م شێوه یه دانیشتنی دادگا کۆتایی هات که تانزیکی کاتژمێر ٣ ی دوانیوه ڕۆ درێژه ی کێشا.

جێگه ی خۆیه تی که به ناوی ناوه ندی هه ڵه بجه وه سوپاسی سه رجه م ئه و دۆست و هاوڕێیانی ناوه نده که مان و سه رجه م ئه و به ڕێزانه بکه ین له کوردو دۆسته هۆڵه ندیه کانمان که به هه موو شێوه یه ک له م کاره دا ها وکاریان کردین . و ئه وانه ش که هاوکاری مادیان کردین چ له کوردستان و له ده ره وه .

ناوه ندی هه ڵه بجه دژ به ئه نفال و جینۆسایدی خه ڵکی کۆردستان